# سلێمانی : ملیاردێراوه یان فیرعەوناوه

**عەلی مەحموود محەمەد**

سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان نوێنەری بۆ هەموو شت و هەموو جێگەیەك هەیە لە کوردستان , لە دوکانەکانی ژێر حوسێنییەکەی سلێمانییەوە تاکو بۆ کاروباری چەند ژنەو و ئیدارەی کوتلە و سوڵحی عەشایەری و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەمچەورکردن , ئاودیوکردن , هێنان و بردن , سیمکارت , ڕۆشنبیری ... .
یەکێك لەو نوێنەرانەی بەڕێزی ڕێزدار عەبدواڵای حاجی سەعیدە , کە نوێنەری سکرتێری گشتییە بۆ کاروباری بازرگانی , بە پێی زانیارییەکانی ئەو بەڕێزە , لە شاری سولەیمانی ئێستا 35 ملیاردێر و 1000 ملیۆنێر هەیە بە دۆلار نەك بە دیناری بریمەری .
ئەگەر ئەم زانیاریانە ڕاست بن , ئەوە کارەساتە لە سایەی دەسەڵاتێکی سۆسیال دیموکراتیدا , کە بڕیار وابوو هەموو پێکەوە بۆ خانووە قوڕەکان بچن , کەچی فیرعەوناویان ئاوەدان کردەوە , لەم ماوە کەمەدا , بەم دەرامەتی نەتەوەییە کەمەی کوردستانەوە , ئەم هەموو ملیاردێرە بەرهەم هێنرابێت , ئەی چەند لەوانە سەرمایەکیان موڵکی سیاسییەکانە ؟ .
با چاوێك بە ئامار و گەشەی ملیاردێرەکانی جیهان بخشێنین .
بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤاری میریل لینش , ژمارەی ملیۆنێرەکانی جیهان لە ساڵی 2000 گەیشتە 7,2 ملیۆن کەس , بە زیادەی 2,9٪ لەچاو ساڵی 2001 , واتە لەو ساڵە 180000 ملیۆنێر پەیوەست بوون بە لەشکرەکەیانەوە , کۆی سامانیان 5,9٪ چووە سەر , گەیشتە 27 ترلیۆن دۆلار , ساڵی 1999 ڕێژەی گەشەی سەروەتی ملیۆنێرەکان گەیشتە 18٪.
لە ساڵی 1986 ەوە , سەروەتی ملیۆنێرەکان 375٪ چۆتە سەر , پێشبینی وابوو تاکو ساڵی 2005 , ساڵانە بەڕێژەی 8٪ گەشە بکات , کۆی گشتی سەروەت و سامانیان بگاتە 39,2 ترلیۆن دۆلار .
گەشەی ڕێژەی سەروەت بە پێی ناوچەکان

| ناوچە | زیاد بوون لە 1999ەوە | لە 1986 | بەشی بازاڕ |
|---|---|---|---|
| ئافریکا | جێگیر | 166٪ | 1,9٪ |
| ئاسیا | 9٪- | 600٪ | 18,2٪ |
| ئەورووپا | 7,5٪ | 440٪ | 26,8٪ |
| ئەمەریکای لاتین | 6,5٪ | 275٪ | 12,3٪ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | 18٪ | 216٪ | 4,8٪ |
| ئەمەریکای باکوور | 9٪ | 313٪ | 32,7٪(الحیاە13939 ,2001-5-15). |

دەوڵەمەندەکانی جیهان لە ساڵی 2003 ژمارەیان گەیشتە 7,7 ملیۆن کەس , نیو ملیۆن کەس زیاتر لە ساڵی 2002 , سەروەت و سامانیان 7,7٪ چووە سەر , گەیشتە 28,8 ترلیۆن دۆلار , لە هەمان ساڵ پێشبینی وابوو , لە ساڵی 2008 کۆی سەروەت و سامانیان بگاتە 40,7 ترلیۆن دۆلار , " لێرەدا تەنها دراوەکانیان ژمێردراوە نەك شتی دی , واتا تەنها سەرمایەی گەڕۆك نەك جێگیر " ( ڕۆیتەر 16-6-2004) .
هەروەها سامانی ملیۆنێرەکان لە ساڵی 2004 بە ڕێژەی 8,2٪ چووە سەر , گەیشتە 30,8 ترلیۆن دۆلار , ژمارەی ملیۆنێرەکان لە جیهاندا گەیشتە 8,3 ملیۆنێر بە زیادەی 60000 لە ساڵی 2003 بە ڕێژەی زیادەی 7,3٪ , بە پێی گۆڤاری میریل لینش ( الشرق الاوسگ 2005-6-9691,10) .

وەلێ بەپێی گۆڤاری میرل لینش , ژمارەی ملیۆنێرەکان لە ساڵی 2005 بە ڕێژەی 6,5٪ چووە سەر, گەیشتە 8,7 ملیۆن کەس , کۆی سامانیان 8,5٪ لەچاو ساڵی 2004 چووە سەر , گەیشتە 33,3 ترلیۆن دۆلار .

بە پێی ئاماری گۆڤاری فۆرتس " 793 ملیاردێر لەساڵی 2005 لە جیهاندا هەیە , 15٪ زیاتر لە ساڵی 2004 , کۆی سەروەت و سامانیان گەیشتە 2,6 ترلیۆن دۆلار , 18٪ زیاتر لە ساڵی پێشوو (( سی ئێن ئێن 10-3-2006)) .

بە پێی هەمان گۆڤار لە دوا ڕاپۆرت و ئاماریدا , لە سویسرا 10 ملیاردێر , سعودیە 11, , بەرازیل 16 , چین 10 , تورکیا 22 , ئێران 0 , کوەیت 2 , هەموو کیشوەری ئافریکا 4 " 2 لە باشووری ئافریکا و 2 لە میسر " هەبووە .

سویسرا داخیلەی هەموو جیهانە , سعودیە چاڵە نەوتی زەمینە , بەرازیل 185 جار گەورەترە لە سلێمانی و دووەم وڵاتە بۆ جیاوازی داهاتی هەژاران و دەوڵەمەندان , چین 1300 جار بە ئەندازەی سلێمانی و کارخانەی جیهانە , تورکیا 70 ئەوەندەی سلێمانی و دراوسێی کوردستانە , ئێران دەروازەی بازرگانی سلێمانییە , ئافریکا مۆلگای دەسەڵاتدارە فاسدەکانی جیهان و 750 ئەوەندەی سلێمانی و کانگای زێڕ و ئەڵماس و کان و ... , کەچی هیچکامیان بە تۆزی بەرپێی سلێمانییا ناگەن .

جیهان 61000 سلێمانی لێدەردەچێت , کەچی تەنها 22,5 ئەوەندەی سلێمانی ملیاردێری تێدایە .

سلێمانی لە ڕوی بوونی ملیاردێر لە دوای ژاپۆن و لەندەن و فلۆریدای ئامەریکاوە یەکەمە لە جیهان , کەچی لە دۆی ترش و کلاشی پەڕۆین و عەلاگەی لایلۆنی ڕەش و ڕۆژانە 2 کاتژمێر کارەبا زیاتر بەرهەم ناهێنێت , وەلێ ئەم هەموو فیرعەونەی نازانم بە تەنەر پاوەن کردن , یان شاخ فرۆشتن , یان تلیاك ئاودیوکردن بەرهەم هێناوە .

ئەم سەرمایە زۆر و زەبەنە , دەبوایا چەندین بیل غیتس و ڕەفیق حەریری بۆ ئەو خەڵکە داماوە بەرهەم بهێنایە , منداڵانی ئەنفالی وەك بیل گیتس پەروەردە بکردایە , ڕەفیق حەریری بۆ قوتابیانی بێ ئاوی بەشە ناوخۆییەکان بە دیاریبهێنایا , چەندین وادی سلیکۆن و بانکی متمانە پێکراو و کارگا و هێڵی ئاسمانی و و هێڵی شەمەندەفەر و ترام و ... تەنانەت چەکی ناوکیشی بۆ کورد بەرهەم بهێنایا .